
# ئەگەرەکانی هێرشی تورکیا،یاخود سیاسەتیکی نوێی ئەمەریکا،
# خەڵکی کورد لەم کاتەدا دەبێت چیبکات ؟

**رەوا بورهان**

warzshenwi@yahoo.com



ئێوارەی رۆژی چوارشەمە بەکۆی 507 دەنگ پەرلەمانی تورکیا پرۆژە یاسای هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، کەئەمەش رەنگدانەوەی جدی لەلایەن ولاٌتانی دەوروبەرەوە دەنوێنێت بەهۆی ئەوەی کەزۆربەی ڕاگەیاندنەکان چاویان لەسەر ئێراقە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەکردنی ئەم مەسەلەیەیە کەسەرنجی ولاٌتانی دەوروبەر بەلای خۆیدا راکیشیت. روسیا سەرەتا وەلاٌمی هەڕەشەکانی تورکیا دایەوەو ئەمەش سەرتایەکە بۆ بەناونانی تورکیا کەسەروەری خاکی ولاٌتان ناپارێزیت ئەمەش بەوەی کەئەمەریکا لەناوچەکەدایە تورکیا دەبێت حەزەرێکی کەبکات چونکە رەنگدانەوەکانی ئەمەریکا ترسناکەو ئەگەری ئەوەش هەیە دژی بجەنگێت ئەمەلە لایەکی تریشدا دەنگۆی ئەوەهەیە پارتی کرێکارانی کوردستان یارمەتی لۆژیکی و دارایی لە ئەمەریکا وەربگرێت سەرۆك کۆماری ئێراق دەڵێت پیویستە pkk لە ئێراق بچیتەدەرەوە چونککە تالەبانی باژدەزانیت بەیەك هێرشکردن بارودۆخی کوردستان تێکدەچێت و ئەگەری ئەوەش هەیە گەل پشتیوانی لە پەکەکەکە بکات بەتاییەتی دوای ئەو خۆپیشاندانەی کەلە سلیمانی و شارەکانی تری کوردستان ئەنجامدرا هەروەها ئەورا پرسیانەی کە گەنج کۆدەکاتەوە کەلەکاتیکدا تورکیا هێرش بکاتە سەرهەریمی کوردستان ئەمان بەناوی ئەوەی کوردستان ئەپارێزن وەلاٌمی بداتەوە کە لەوباوەڕەدان کە گەر تورکیا هێرشبکات ئەمانیش بەژداری لەگەڵ پەکە کەبکەن کەئەمەش وادەکات باری ناوچەکە تێکچێت وەئەگەر لەم کاتەدا دەسەلاٌتی کوردی بەباشی بیرنەکاتەوە لەوانەی ئەودەسەلاٌتە لەدەستبات بۆیە دەسلاٌتی کوردی لەمکاتەدا وادەخوازیت کە شەر لە خاکی کوردستاندا نەکریت ،مالکی دەڵێت کە پێمان باشە بە هێزی ئێراق و تورکیا بەژداری ئەم جەنگە بکەین کە ئەمە خۆی بەهێزی جەنگەکە دەسەلمێنیت وەگەرکورد لەگەڵ ئەماندابیت شکستی پەکەکە دەروخێنیت بەلاٌم پەکەکەگەلی کوردی لە پشتەوەیە وەئەگەری ئەوەهەیە کە دەسەلاٌتی ناوچەکە جدی روبەروی تورکیا بیتەوە بەتاییەتی ئەمەربکا بۆیە کورد لێرەدا بریارێکی زۆر قورسی لەسەر ئەوەتا بەژداری تورکیا بکات یان پەکەکەکە یان هەموو جیهان بەتاییەتی ئەمەریکا چونکە تائیستا تورکیا چاوەرێی وەلاٌمی ئەمەریکا دەکات کەبریارە ئەو هەرئەو بریاربدات کیشەکە ئاسانە بەتاییەتی بریاروایە لەمرۆژنەدا ئۆردۆگان بگاتە ئەمەریکا و لەگەڵ جۆرج بۆشدا کۆبیتەوە کە گەر تورکیا لەم ریکەوتنەدا سەرکەوتوبیت قەیرانێکی مەترسیدار ناوچەکە ئەگریت ئەمەش چەند سودیکی تیایە بۆهەردوو ولاٌت ئەمەریکا گەر بەناوی پەکەکەوە سەربازێکی زۆربنێریتە کوردستان ئەوا ئەگەرێکی زۆرهەیە هێرشبکاتە سەر ئێران کەلەوانەشە تورکیاش هاوکارییکات بەوپێیەی هەردوولات هاوکاری یەکدەکەن لەم کاتەشدا رایی شەقامی هەرێمی کوردستان بەتاییەتی گەنجان تورەیەکی زۆری پێوە دیارە لەحکومەت بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت ئاگاداری ناوخۆبیت دواکاریەکان ناوخۆ گەل جێبەجیکات بۆیی دەنگی گەلی لەگەڵ دابێت بۆئەوە لەکاتی هێرشدا لەهەمولایەکەوە پەستانی نەخریتەسەر، بۆش دەڵیت کە هێرشکردنەسەر کوردستان لە بەرژەوەندی ئەودانیە ئەمەش خۆی ئاگادارکردنەوە بۆش راستە تائیستا هاودەنگبووە لەگەڵ تورکیا بەلاٌم ئەمجارە بەناراستەوخۆ هەرەشەی لێدەکات چۆن وەك ئەوەی هەرشەلە ئێران و سوریادەکات بەلاٌم ئەمجارە بەشیوەیەکی دۆستانە هەمان وتەی پێدەڵیت بەمانیەکی تردەڵیت ئەتوانم لەسەرحکم لاوبەم یان گەرتۆ هیرشکەیت بەزەبری شەر بێدەنگدەکەم ئەمە بۆ تورکیا زۆرگرانە ئیا لەم کاتەدا تورکیا پێویستە هەڵوێست وەربگریت ،بۆش وەك ئەمەریکا کە ئیستا لەئێراقدان بەرژەوەندیەکانیان دەکەویتە مەترسیەوە چونکە ئەوجیگایە کەدەتوانن تیا بە ئارامی سەرکردەکالنیان دابنیشن هەریمی کودستانە ، گەرئەم بارو دۆخە تیکچیت تورکیا لەسێلاوە دەکەویتە ژێر گوشارەوە بەتیبەتی دوای ئەوەی کە مەسعود بەرزانی دەڵیت هەرکەسك هیَرش بکاتە سەرمان بەرگری لەخۆماندەکەین، هەروەها لە رونکردنەوەیەکی تریدا کە لەم رۆژنایدا دەڵیت ئیمە پەکە راودەنین بەلاٌم ئێمە سەرکردەکانیان تەسلیم بە تورکیا ناکەینەوە هەروەها دەڵێت ئیمە بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەین و وەلامی هەموو هیرشێك دەدەینەوە، تالەبانی دەڵیت ئیمە یەك سەرکردەی خۆمان تەسلیمناکەینەوە ئەوەخەونیکی تورکیایەو نایەتەدی کە ئەمە خۆی بەر پەرجدانەوەیەکی راستەوخۆیە بۆتورکیا

**هەروەها جەنرال كارتەروە دەڵیت لەبەرئەوە ئەمەریكا لەعیراقدایەئیمەسەروەری خاكی ئێراق دەپارێزین وەلەم كاتەشدا رونكردنەوەیەك دەدات بەلام ئیمە مەبەستمان شەركردن نیە لەگەڵ توركیا و هەوڵ دەدەین دیگلۆماسیانە حلیكەین. لەمكاتەدا ئەگەریك ئەگەر بەدیگلۆماسیانە حل نەكرا ئەوا پێویستە گەلی كورد هەڵوێست وەربگرن وە خۆیان لەدەرەوەی دەسەڵات بریاربەن ، لەهەمانكاتدا وڵاتی سوید دەنگی خستە سەر كیشەی ئاشتی بەوەی بیست پەرلەمان تاری وڵاتی سوید داوادەكەن ئەمكێشەیە لەنێوان هەرێمی كوردستان و توركیادا یەكلابكرێتەوە .یەكێتی ئەوروپا دەڵیت پێویستە توركیا رێز لەسەروەریەكانی ئیراق بگریت ئەمەیان گرنگە چونكە دەنگی جیهانە ئەمەش لە پڕ ئەوەدیت كە توركیا بریاری لەشكر كێشی دەدات بۆیە ئەمە زۆرگرانە بۆتوركیا كە پاشگەزبیتەوە ، بەڵام سوریا و بەعسیش هەو پەمانی لەگەڵ توركیا بۆیە بەشار ئەسەد بۆ بەرپەرچدانەوە وتەكان بۆش دەڵیت گەر ئەمەریكا لەئیراق بچیتە دەروە ترۆر لەئیراقدا نامێنی ، ئەمەش لەرونكردنەوەیەكدا مام جەلال بەرپرچی دەداتەوە كە پەیمانەمەكەی بەینی سوریاو ئیراق كەیەكیك لەبەندەكانی سەروەری مافی ئیراق بپارێزیت ، كۆندۆلیزا رایس داوا لە توركیادەكات بۆماوەیەك چالاكیی سەربازیەكانی راگرێت بەلام توركیا لەسەر هیرشەكانی بەردەوامە لەەمكاتەدا ئەمەریكا زیاتر هیرشەكانی تونتردەكاتەوە بەلام لەم كاتەدا لەوانیە ئەمیش بە پیشمەرگە شەری بردنەوە بكات هەروەها لەهەمانكات دا ئەگەریكی كە هەیە كە ئیران لەخۆئامادەكردندایە لەمكاتەدا كەئێران دومنیكی سەرسەختی ئەمەریكا لەوبروایەدام كەئەمەریكا لەم دەروازەیەزەیەوە شەری ئیرانبكات لەكاتیكدا ئەمەریكا دژی هەردولایە بۆیە وا پیدچیت ئیران و توركیا ریكەوتنی جینتەلمانانە ئە نجامبدەن بۆ بەهێزبون دژی توركیا هەرچەندە ئێراق و جیهانیش هاوپەیمانی ناوەراستن بەڵام بە پی ئەمانە لەوانە یە ناوچەكە گرژی و ئالۆزیەكی قورس بەخۆیەوە ببینیت و شەرەكە لەئیراقەوە بگوازریتەوە بۆكوردستانی گەورەی و ئیران و توركیا لەمكاتەدا گەر ئەمەریكا هیرشەبكاتە سەرتوركیاو ئیران ئەوا توركا هانی بیلادن دەدابۆئەوەی یاریمەتی بەن لەمكاتەدا دوای ئەوەی سەرۆكی سوریاش وەڵامی ئەمەریكای دایەوە بۆیە هەرچوار پارچەكەی كوردستان دەكەویتە ژێرمەترسیەوە بەوپێیەی كوردستان پیپویستیت بەرزگاركەرهەیە لەیرەدا چەند پرسیاریك دیتە ئاراوە**

**ئایا تاچەند حیزبە كوردیكان دەتوان لەمكاتەدا سەركەوتن بەدەستبینن ؟**

**ئایا هیزەكوردیەكان دەتوانن لەمكاتەدا گەر فرسەتیك بیتەئاراوە دەتوان بیقۆزونەوەو چوار پارچەكەی كوردستان پیكەوە بلكیننەوە ؟**

**لەمكاتەدا خودی كورد رەنگدانەوەی فیعلی چیدەبیت؟**

**ئایا سەركردایەتی كورد لایەنی كاملادەگریت ؟**

**ئایا كورد لەمكاتەدا دەتوانیت بەسەر هەموو ئەم كیشانەدا زاڵبیت كەروبەروی دەبیتەوە بەتایبەتی كورد لەمكاتەدا لەدەسڵات زۆر تورەیە ؟**

**ئەمانەو چەن دین پرسیاری تر دینە ئاراوە بەتایبەتی بەبروامن هەرۆژیك نزیكبونەوە دەبیت لەشەریكی گەورە . لیرەدا هەوڵدەدەم بیروڕای خۆم سەبات بەچەندین تەوەرەی گرنگی تر بخەمەروو وەهۆشیاركردنەوەیەك بدەم سەبارەت بەدەسەڵاتی كور دی یاخود كورد وە هەوڵدان لەم كیشەیە.**

1_ **توركیالەمكاتەدا بەناوی هێرشكردنەسەرپەكەكە هیرشكردنە سەركورد بەتایبەتی دوایی ئەوەی ساڵانی رابردوو چەندین جار لەشكركێشی ئە نجامداوە بۆلاوازكردنی دەسەڵاتی كوردی چونكە واهەست دەكات كورد لەمناوەدا دەتوانیت ئەوبەشەی كەلەتوركیادایە دەسەلاتی بەسەرابگریت بەڵام ئە مجارە هەرشەكانی بەرەوو ئاقاریكی زۆر توند رۆیشتووە گەیشتۆتە دوا ترۆپی هەروەها لەناوخۆی توركیاشدا رەنگدانەوە سلبیی و ئیجابی لیكەوتەوە هەروەهاش لەناوكوردستانیشدا دوای ئەو هەموو خۆپیشاندانننە كە سەرتاسەری شارەكانی كوردستانی لیكەوتەوە كورد تورەی خۆی لەدەسەڵات دەردەخات بۆیە سەركردایەتی لەسەری ێویستە بەهەموو شیوەیەك بیروڕای خۆیی بگۆریت . بەچەندشێوەیەكی گونجاو و بیلایەنی خۆی بسەلمینیت بەڵام وەڵامی توركیا باتەوە بەوەی كانایەڵم كە بیتە خاكی كوردستانەوە ئەمە خۆی چاوسوركردنەوەیەكی قورس دەبیت بۆتوركیا.**

2_ **پیویستە سەركردایەتی كورد ئابلوقەی ئابوری بخاتەسەر بەوەی كە بەتەنسیق لەگەڵ حكومەتی بەغداد ریگەبگرن لەناردنی نەوت بۆتوركیا كەلەم كاتەدا توركیا ناتوانێنت هیچ هەرشەیەك بكات .**

3_ **هانی گەریلەكانی پەكەكە بدات كە چالاكیاكانیان ببنە دەرەوەی هەریمی كوردستانی ئیراق و لە لایەكی ترەوە هێرشكەنە سەرتوركیا**

4-**شتێكی كە لەمكاتەدا زۆرگرنگە ئەوەیە كورد چلایەنیك بگریت بەبێروڕایی من لەمكاتەدا دەبیت لایەنی هیچ كام لەملایەنانە نەگریت و سونورەكانی تونكاتەوەو بەرەنگاری توركیابێتەوە ئەگەر هێرشی كرد.یاخود هەولبات بە ئەمەریكا جەنگی خۆی بكات.**

**لەکۆتایدا ئەونە ماوە بلیم ئایا ئەمە سیاسەتی چ وڵاتیکە ؟ سیاسەتی ئەمەریکانیە بۆیی سنورەکان بگرێت و لە ئێرانبدات یاخود سیاسەتی تورکیایە بۆلاوازکردنی کورد وە پارتی کرێکاران ، یان ترسندنی کوردستانە راکێشانی سەرنجی هەموجیهان ئەم پرسیارەبەم زوانە ڕوون دەبیتەوە.**